# عیراق لەوەرچەرخانە نوێکانی ئەمریکادا

**مستەفا گەلاڵەیی**

**سۆران**

ئەم بابەتە بریتیە لە ناوکی وەرچەرخانێك لەمێژووی ئەمریکادا , ئەمریکا چۆن وبۆ وا بیر ئەکاتەوە؟ئایا تیۆری دەولەتی نویی عێراق لەبەرزترین ڕوخسار کۆتایی پێدێت؟یان پێویستە لە هۆکارە ناوەکیەکانی بکۆڵینەوە ؟بۆ دروست کردنی دەولەتێکی عەقلانی لەسەر بنەمای فیدراڵیەت,یان سەرهەڵدانی کێشەی زیاتر ومەزنتر .سیستمی چارەسەر کردنی عێراق پێویستی بە رەوتێکی کامڵبونی دیاریکراوە نەك وەك تاکە ڕوداوێکی ئاسایی بڕوانرێتە عێراق.

پێویستە سیاسەت مەدارانی ئەمریکا مامەڵەی عەقلانی لەگەڵ ڕوداوەکانی عێراق بکەنو بەتێڕوانینێکی نویٚ بڕواننە پێکهاتەکانی ناو عێراق ,هەم لە ڕوی جوگرافی ونەتەوەیی وئاینی و مەزهەبی ,چونکە ناتوانرێت عێراق لەسەر بناغەیەکی سیاسی کۆن دا بمەزرێنرێتەوە.ئەگەر هەڵەیەکی لەو جۆرە روبداتدوا بەدوای ئەم هەموو قۆناغە یەك لەدوا یەکانەی کەهاتنە ئارا بەبێ کامڵ بونی ئەم هەموو کێشەو ململانیٚ سیاسی ومەزهەبی وجوگرافی ونەتەوەیی یەی ئێستا لەعێراقدا لە ئارادان ,ئەمە مەحاڵییەکی گەورەیە دەولەتی نویٚ وکامڵ بوو لەسەر بنەما وتیوری سوننەتی وتەقلیدی مەحالیەکی گەورەیە ,چەنکە ئەم تیوریەی (بیکەر )دای ڕشتوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق. کەهیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دەولەتی عێراقی دیکتاتۆری پێشوو نیە.دیارە ئێستاش ئەمریکا پێویستی بەدەوڵەت گەلێکی دیکتاتۆری هەیە لەڕۆژ هەلاٚتی ناویندابۆیەش ئەم جۆرە پڕۆژانەش ئەخرێتە بەر باس و لێکۆ لینەوە ، پێویستە سیاسەت مەدارانی ئەمریکا سیاسەت گەلێکی ئەقلانی و جیاواز لە سەدەی ڕابردوو پیادە بکەن سەبارەت بە ڕۆژ هەلاٚتی ناوین ,بەتایبەت عێراق کەئێستا لە قۆناغی شەڕی ناو خۆدایە، ئەمریکا پێویستی بە پرس گەلێکی عێراقیەکان هەیە ، ڕاپرسییەك بە ئەنجام بگەیەنیٚ بۆ هەر ئەگەرێك لە عێراقدا .ئەمریکا ئەمە پرۆژەیەکی سەرەتاییە ئەیخاتە بەر چاوی عێراقیەکان وئەمریکیەکان بۆ لێکۆلینەوە لەسەر کردن، بۆ دروست کردنەوەی عێراق ,دەمێکە باسگەلێکی لەو جۆرە لە ئارادایە لێکدانەوە گەلێکی زۆری بۆ کراوە لەلایەن (بیکەر)خۆیەوە، هەر لەسەرەتای هەنگاوی ئەمریکا بۆ رۆژ هەلاٚتی ناوین ,گۆڕینی ڕەوتی دیکتاتۆری بۆ ڕەوتی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی ودروست کردنی دەولەتێکی عەقلانی بوە لەناوچەکەدا بەپێی خواستە جیاوازەکان .ڕێزگرتن لەنەتەوە چەوساوەکان و دان بەمافەکانیان بوە، ئەگەر ئەمریکا ئەم جۆرە پڕۆژانە جیٚ بەجیٚ بکات ، ئەبیٚ ئەمریکا لەعێراقدا بەچ ئاکامێك بگات ؟ سەرکەوتن یا ژێرکەوتن کام گەل ونەتەوە لەسەر ئەم هەسارەییە بڕوا بەسیاسەتی ئەمریکا ئەکات بۆ هەر گۆڕانکاریەکی تر ئەمریکا لە دوای ڕزگار کردنی عێراق کەوتە ناو گۆمە ئاوێکی بچوك کە ناتوانیٚ مەلەی تێیدا بکات، ئەمەش لەبەر خۆ بەزل زانین وای لیٚ بەسەر هات.بەبیٚ لێکدانەوەو خوێندنەوە.ئەوانەی ئێستا کورسیدەسەلاٚتیان بەدەستە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەمێژووی خوێناوی عێراق نیەو نەبوە .چەنکە عێراق دوو نیشتمانی لێکدراوە، چەند نەتەوەیەکی جیاوازن، چەند ئایینی جیاواز چەند مەزهەبی جیاواز، چەندین کولتوری جیاواز پێکهاتوە، ئەمریکا سەرەتا خوێندنەوەی تەتها بۆ شیعەو سونە کردبوو، بەلاٚم کەمێژووی خوێناوی نێوان شیعەو سونە بخوێنیتەوە ئەوە ڕەگێکی کۆنی هەیە،خوێنێکی زۆر لەنێوانیاندا ڕژاوە، مەحاڵە ئەمریکا بتوانیٚ لە عێراقێکی یەکگرتودا کۆیان بکاتەوە و هەریەکەیان لەدەسەلاٚتدا بێت ئەوەی تریان قبوڵ ناکات، چ جای ئەوەی کوردیش وەك نەتەوەیەکی جیاواز بەنیشتمانەکەیەوە بەعێراقەوە لکێنراوە ,بەبیٚ ویستی خۆی .هەر دەولەتێکی لەو جۆرە دەولەتێکی دیکتاتۆری دێنێتەوە بەرهەم , لەوانەیە سیاسەت مەداران ئەوە بەتۆمەتێك بزانن کەمن ئەو لێکدانەوەیەم هەیە سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا لە کاتی ئازاد کردنی عێراقدا هەرچەندە من کەسێکی سیاسی نیم بەڵام خوێندنەوەم بۆ ڕوداوەکان وای ئەبینم , ئەمە

یەکێکە لە فاکتەرە بەرچاوەکان کە (بیکەر)دەیەوێتدەولەتێکی تۆتا لیتاری بە حەزو ئارەزوی خۆی لە عیًراقدا بەر هەم بهێنێتەوە,هەندێك کات ئەمریکا نەیارانی خۆی هەچەندە فاشیست بن وتۆتالیتار بن وتورەو خوێن ڕێژ بن لەبەرژەوەندیە کانیاندا کار ئەکات ,بۆ پێکانی ئامانجەکانی خۆی، تێڕوانینی ئەمریکا بۆ هەر ولاٌتێك هێنانی دیموکراسی وچەسپاندنی مافی مرۆڤ ودروست کردنی کۆمەلگایەکی مەدەنی نیە.بەلکو بەرژەوەندیە هەنوکەییەکانی خۆی لەسەرو هەموشتێکەوە ئەژمار ئەکات، بەلاٌم ئێستا زۆر بەی ڕاڤە کاران و ڕەخنە گران ومێژوو نوسان بەبۆچونی جیاواز تر بیر دەکەنەوە ,چونکە ئەمە پرۆژەیەکی بیرمەندانە نیەو دەبێ هەلٌوەستەی لە سەر بکرێ ,چەنکە خستنە ڕوی هەر پرۆژەیەك کە لەبەر ژەوەندی گەلاٌنی عێراقدا نەبێت ئەنجامەکەی خراپتر ئەشکێتەوە، کوردیش تێڕوانینی جیاوازی ئەبێت لە دوای ئەم پرۆژەیە ,ئەبێ لە پێناوهێنانە دی مافەکانی نەتەوەی خۆی دا هەلٌوەستەیەك بکاتن، وەر چەر خانێك لە سیاسەتی خۆیدا بکات، بەرامبەر ئەو ئەگەرانەی دێنە پێش , ئەبێ سەر کردایەتی سیاسی کورد ,هەلٌسەنگاندنێکی تیۆری جۆراو جۆری هەبێت بۆ ڕوداوەکان ,پێشهاتەکان، بۆ ئەوەی لە پرۆژەیەکی تردا بتوانێت ئامانج گەلێکی تر بخاتە بەرچاوی سیاسەت مەدارانی ئەمریکا چەنکە پرۆژەیەك کەتیایدا بیری سیاسی تاکەکەسێك بێت سەبارەت بەدەولٌەتی عێراق لە قۆناغێکی وەك ئەمڕۆدا، ئەوە بە قۆناغی گەشەکردن و تێپەڕاندووە بە کاملٌبون گەیشتوە، بۆ یە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد بەڕوانینێکی جیاواز تر مامەلٌەی لەگەلٌ سیاسەتی داهاتوی ئەمریکادا بکات بۆ دامەزراندنەوەی دەولەتی عێراق، پاش تێپەڕندنی ئەم قۆناغەیەك لەدوا یەکانەی عێراق 'کاملٌبونی کێشەی عێراق لە لایەن سیاسەتمەدارانی ئەمریکا وەر چەرخانێکی نوێی بەخۆوە دەبینی و دەبێ کوردیش لەدونیای وەر چەرخاو ئاگا دار بێت وچاو لە هۆکارەکانیش نەپۆشێت، سەرەنجام ئامانجەکەی خراپ دەبێت خۆمان بە نامۆ بزانین قسەمان لەسەر گۆڕانکاریە کان نەبێت، چونکە ئەمە خالٌی دەست پێکردنی چارەسەری سەرەکی دەبێت بۆ دروست کردنەوەی عێراقی نوێ ,لە وانەیە پرۆژەی زیاتری بەدواوە بێت بۆ هێنانە کایەی سیستمێکی نوێ بۆ عێراقی ئایندە، بەلاٌم ئەبێ ڕوانینمان بۆ پرۆژەکانی داهاتوو هەر وەك ئەمەی ئەوجارە ئەبێت ,یان دەبێت شەقامەکان پڕ بن لە خەلك بۆ خۆپیشاندان لە سەر هەر گۆڕانکاریەك کە دێتە ئاراوە وبەرژەوەندی کوردی تێدا لەبەر چاو ناگیرێت، دەبێ لایەنە سیاسیەکان وابەسادەیی نەڕواننە ڕوداوەکان,چونکە ئەم جۆرە ڕوداوانە بەبەلٌگە نەویست دێنە بەر چاو نزمی هەستی نەتەوایەتی نیشان ئەدات، لەبەر ئەوەی نەتەوەکەمان قۆناغێکی کەمی بڕیوە لەئامانجە کان، بۆیە دەبێت لەهەر کاردانەوەیەك بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەك جەماوەریانە بیچت بۆ سەپاندنی بڕوای نەتەوەیی خۆمان ,دەبوایە پرسگەلێکی گەورە بهاتایەتە ئاراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم جۆرە پێشهاتانە بۆ ئەوەی لەدوای ووتەکان وەلاٌم دانەوەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن سەرۆکی هەرێم دەبوایە خۆپیشاندانی جەماوەریشی بهاتایەتە کایەوە بۆ پشتیوانی زیاتری وەلاٌمەکە .